**عارف قوربانی**

**ئەنفالی هەڵەبجە**

# زارا

**کەرکوک / 2006**




- ناوی کتێب / **ئەنفالی هەڵەبجە**_ زارا
- بابەت / چاوپێکەوتن
- نوسەر / عارف قوربانی
- پیتچنین / رەوەند کەریم
- بەرگ / شۆڕش ئەحمەد
- چاپ / 2006
- تیراژ / (1000)
- چاپخانە / ئارەبخا کەرکوک

پێشکەشە

بەڕۆژنامەوانی گەورە

**رەمەزان ئۆزتورك**



**لەسەر ئەرکی نوسەر چاپکراوە**

# لەجیاتی پێشەکی

خەریکی ئامادەکردنی بەرگی یەکەمی کتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفال بووم ، ئۆردوگاکان ئەگەڕام بەدوای ئەوانەی کەخۆیان بەر ئەنفال کەوتبون و پاشان گەڕابونەوە ..! بۆئەوەی وەك راستگۆترین شایەتحاڵ سەرگوژشتەی ژیانیان و ئەوەی لەئەنفالدا بینیویانە بیاننوسمەوە تائەنفال وەك خۆی لەزمانی ئەنفالدیدەکانەوە بەرینە مێژووەوە ، یەکێك لەو پیرەژنانەی گەرمیان کەلەسەفەری مەرگ لەنوگرەسەلمانەوە گەڕابووەوە کاتێ باسی ئازارومەینەتی ناو قەڵای نوگرەسەلمانی بۆم دەگێڕایەوە ، ووتی ارۆڵە پێنج شەش مانگ بوو ئەوەندە سەمونی رەقیان دابووپێمان تام



وبۆنی خواردنی ترمان بیرچووبۆوە ، کاتێ هەڵەبجەییەکانیان هێنا ئەوان خواردنیان پێبوو ، کاتێ برنجم بینی هاروشێت بووم ..!) ئەمە قەسەی ئەو پیرەژنە گەرمیانییەبوو ، کەبووە هۆی ئاشکراکردنی نهێنییەك کەزۆربەمان نەمانئەزانی هەڵەبجەییەکان ئەنفالکراون ئەگەر حیکایەتی ئەو داپیرەیە نەبوایا ..! زۆربەلامەوە سەیربوو پرسیم هەڵەبجەییان بۆکوێ هێنا .!؟ وتی بۆنوگرەسەلمان بۆلای ئێمە ..!

ئیتر ئەم بابەتە بووە گەورەترین خولیام پێویستە بەدوای ئەو نهێنیەدا بگەڕێم بزانم هەڵەبجەییەکان پێنج شەش مانگ دوای

ئەنفالی گەرمیان لەکوێوەو چۆن براون بۆ نوگرەسەلمان ..! لەکاتێکدا کیمیابارانکردنی هەڵەبجە پێش ئەنفالی گەرمیان بووە .! لای هەرکەسێکیش باسمدەکرد بەلایەوە سەیربوو ، ئەوکاتە هەڵەبجەش لەژێردەستی ئیسلامییە توندڕەوەکان بوو کەئەوکات من لەچەمچەماڵ دەژیام ، لەچەمچەماڵ ژیانی ئێمە لەلایەن ئەو ئیسلامیانەوە لەمەترسیدابوو ئەی چ جای ئەوەی بتوانم بچمە ناوچەکانی هەڵەبجەو شارەزور ...! بەڵام بەردەوام لەپەیوەندیدابووم بۆ بەدەستخستنی زانیاری زیاترو دۆزینەوەی هەڵبجەییەک کەبرابێتە نوگرەسەلمان و



گەڕابێتەوە ..! کاتێ کارەساتی (خێڵی حەمە) رویداو بەهۆیی ئەوکارە تیرۆریستیەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەلاماری ناوچەکەیانداو رزگاریانکرد ، بەوهۆیەوە توانیم چەندجارێك بچمە هەڵەبجەو بەدوای ئەوخەڵکانەدا بگەڕێم و چەندبرادەرێکیشم لەهەڵەبجە راسپارد هەوڵی دۆزینەوەی کەسێکی لەوجۆرەم بۆبدەن ..! دوای ماوەیەك یەکێك لەوبرا بەڕێزانەی لەهەڵەبجە بۆئەوکارە رامسپاردبوو هەواڵی بۆناردم کەکەسێکی دۆزیوەتەوە لەنوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە ، رۆژی 2002/9/7 بوو هەر ئەوڕۆژە لەگەڵ هاوڕێم

(فاروق جميل) چوینە هەڵەبجەو لەڕێی کاک لوقمان عزیزەوە کەکادری یەکێتی بوو لەهەڵەبجە چوینە ئەو ماڵەو بەهۆی ئەوماڵەشەوە دووخێزانی تریشم دۆزییەوە ، کەبەلامەوە گرنگترین رۆژێکبوو بەئاسانی بۆمن دروست نەدەبووەوە بۆیە نەمدەویست دەرفەت لەدەستبدەم و هەر ئەو رۆژە چاوپێکەوتنم لەگەڵ هەرسێ شایەتحاڵەکەدا ئەنجامداو زۆر زوو چاوپێکەوتنەکەی هەرسێکیانم لەبەرگی سێیەمی شایەتحاڵەکانی ئەنفالدا جێکردەوەو لەئازاری 2003دا بەچاپم گەیاند ، بەڵام هەستمکرد گەورەیی ئەنفال ئەم قۆناغەی



ئەنفالی هەڵەبجەی داپۆشیوەو دوایی بڵاوکردنەوەشی لەکتێبی شایەتحاڵەکانی ئەنفالدا هەر بەشاراوەیی مایەوە ، بۆیە بڕیارمدا هەریەک لەو شایەتحاڵانە (گەلاویژ ، حەپسە ، زارا ) لەسێ نامیلکەی سەربەخۆدا بەچاپبگەیەنم لەژێر ناونیشانی (ئەنفالی هەڵەبجە) ، هەرچەندە هەرسێکیان شایەتحاڵی یەک روداون کەئەنفالکردنی خەڵکی هەڵەبجەو هەورامانە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ، بەڵام چیرۆکی هەریەکیان لەویتر جیاوازەو لەهەریەکیاندا کۆمەڵێ زانیاری ترو بەڵگەیتر بەرچاودەکەون .. هەریەکیان بەجیا لەهەڵەبجەوە گوێزارونەتەوە بۆئێران و

**هەریەکی لەکەمپێکدابوون و دواى شەش مانگ لەکارەساتی هەڵەبجەو پاش ڕێککەوتنی ئێران و عێراق و کۆتایی شەڕی نێوانیان بەڕێککەوتنی هەردوولا لەگەڵ ژمارەیەک هەڵەبجەیی تردا لەئۆردوگاکانی ئێرانەوە ڕەوانەی نوگرەسەلمان کراون ، کەهەریەک لەم شایەتحاڵانەش هەریەکی بەجۆرێک گوێزراونەتەوە بۆ نوگرەسەلمان و بەشێوازی جیاجیا ئازاردراون و لەڕێگەی جیاجیاوە گەڕێنراونەتەوە ، بەڵام ئەوەی گرنگە دەرخستنی ڕاستیەکی مێژوویە کەجگە لەهەشت قۆناغەکەی ئەنفال و دواى ئەنفالی بادینان ، بەئیتیفاقی عێراق و ئێران**



**هەڵەبجەییەکانی ناو ئۆردوگاکانی ئێران ئەنفالکراون ، وەک لەشایەتی ئەم سێ شایەتحاڵەدا دەردەکەوێت ، کە ئازارو چەوساندنەوەی هەریەکەیان نمونەی سەدان خێزانی هەڵەبجەییەو دەکرێت وەک بەڵگەیەکی گرنگ لەسەر شێوازێکی تری تاوانەکانی بەعس سودیان لێوەربگیرێت و هیوادارم بەچاپکردنیان توانیبێتم زانیارییەکی بچوکم خستبێتەبەرچاو .. بۆخزمەتی میللەتەکەمان ...!**

زارا کەریم محەمەد رەحیم
لەدایك بووی ساڵی 1966 بیارە

ئێمە خێزانێکی دەکەسی بووین دایكو باوکموسێ براو پێنج خوشك ، باوکم ئەیووت باوو باپیرمان هەر لێرە ژیاونو چەندین پشتمان لەم هەورامانە بڕاوەتەوە..!

خێزانێك بووین بەختەوەر ئەژیاین ، باوکم لەفەرمانگە میرییەکان بوو



مووچە خۆربوو هەروەها چەمو باخمان هەبوو (کلاشچنی)یشمان دەکرد.. گوزەرانێکی باشمان هەبوو بەهۆی ئەوەی ناوچەکەشمان سنوریی بوو رێگای هاتوچۆو بازرگانیکردنی خەڵك بوو ، بۆیە بەئاسانی هەموو پێداویستییەکانی ژیانمان بەدەست ئەخست، رۆژ لەدوای رۆژیش ژیانی خەڵکەکە بەرەو باشتر ئەچوو هەرچەندە من هەروا هەشت بۆ نۆ ساڵ ئەبووم تەیارە دای لە هەڵەبجەو

لەدوای ئەوەش دێهاتەکانی نزیك سنوور
هەموویان گواستەوە ، بەڵام ئێمە لەناو
بیارە بووینو لە شوێنی خۆمان ماینەوە
، نە تەیارەکە زەرەری بۆ ئێمە هەبوو
نەگواستنەوەی ناوچە سنوریەکانیش
ژیانی ئێمەی تێك نەدا..! بەڵام ئەو
کاتەی شەڕی ئێرانو عێراق دەستی
پێکرد ، ئیتر ناوچەکەی ئێمە بەگشتیو
بیارە بەتایبەتی بەهۆی نزیکی
لەسنورەوەو شەڕی بەردەوامی هەردوولا



، ژیانی ئێمە کەوتە مەترسییەوە..!
زۆرجار کە تۆپبارانی سەنگەرەکانی
یەکتریان ئەکرد تۆپیان سەرووکورتی
ئەکرد و ئەیدا لە(بیارە). خەڵك لە
ماڵەکەی خۆیدا پێوە ئەبوو.. لەشێرن
خەودا تۆپ ئەیدایە ناو شارەکەدا ..
چەندین جار لەنیوەشەودا لەزرمەی
تۆپباران ڕاپەڕیووین.. ژیانمان نەبوو
کەس دڵنیا نەبوو لەوەی چی کاتێك
تۆپێك دێت لەخەودا یان لەسەر نان

خواردن ناداتە ناو سفرەی نانەکەداو هەموو خێزانەکە ناکوژێ .. ئەمە ژیانی بەردوامی ئێمە بوو..! ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە وای لێ کردبووین لە ترسا زوو زوو (بیارە)مان چۆڵ ئەکردو ئەچووینە هەڵەبجە.. خەڵك هەبوو هەر زوو باری کردوو بەیەکجاری دەستی لە ماڵ وحاڵی خۆی هەڵگرتو نەگەڕایەوە (بیارە)..



ئێمەیش و ئەو خەڵکەی تریش کەنەمان دەویست بچینە شوێنێکی ترو دەمانویست لە ماڵەکەی خۆمان و لەشارەکەی خۆمان بژین , دەبوو بەردەوام ئامادەی ڕاکردن بین.. چونکە کاتی دیاری کراوی نەبوو هەرکاتێکت ئەزانی و زرمەی تۆپ ئەهات.. ئێمە کاتەکەیمان نازانی ، رەنگە پاسدارێکی ئێران و سەربازێکی عێراق زانیبێتیان کەی تۆپبارانی یەکتری دەکەن.. بەلاّم

ئەوان بۆ ئەوەی زۆرتر لەیەکتری بکوژن
و زیانی زیاتر بە بەرامبەرەکانیان
بگەیەنن زۆر لەناوەخت و لەناخافلّدا
دەستیان پێدەکرد ..

جاری وابوو گەر ئاهەنگی بووك
گواستنەوەیش بووایا کەکۆمەڵێ سەیارە
بەدوای یەکدا بهاتایەتە بیارەوە ئەوە
ئیتر بەدوایدا تۆپ دەستی پێدەکرد ...
هەرچەندە ئێمە دانیشتوی بیارە خەڵکی
ئەم ولاّتە بووین لە عێراقدا ئەژیاین و



زۆریشمان براو باوك و کەسووکارمان
گیرابوون بۆ سەربازی.. کەچی ئەم
حکومەتە ئەهات لە پەنای ئێمەوە
شەڕی ئەکرد و گوێی نادایە ئەوەی
کەئێمە بەئاگری ئەو شەڕەوە
ئەسوتێین..! لەپەنای خێزان ومناڵی
بیارەوە تۆپبارانی سەنگەری ئێرانی
ئەکرد..! ئیتر ژیانی ئێمە هەر
دەربەدەری بوو چەندین جار بارمان
دەکرد لەترساندا بەتایبەت کەشەڕو

هێرشبردن دەکەوتە سنورەکەی ئێمەوە و گەر ماوەیەکیش کپ بوایەتەوە ئەگەڕاینەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆمان..

بەو شێوەیە ژیانمان دەگوزەراند.. بەقەدەر هەموو تۆپباران کردنەکانیش (ئەلغام) مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆمان و ئاژەڵەکانمان هەبوو.. هەموو ناوچەکانمانیان (مینرێژ) کردبوو هەر لەبەرامبەر ماڵانەوە مینیان چاندبوو تادوابستی سنوور.. بێ ئەوەی گوێ



بدەنە ئەوەی کەئەو لوغمانە لە نزیکی ماڵەکانە و لەسەر ڕێگاو بانەکان مەترسی بۆ ژیانی ئێمە دەبێت..!
چەندین کەس لەسەر ئەو ڕێگاوبانانە و لەناو باغ وبێستانی خۆیدا لوغمی پێدا تەقی وکوشتی وچەندین کەس بریندار بوون و ئەندامی لەشیان لەدەستدا ..

من خۆم هەر لەنزیکی ماڵەکان (لوغمێك) پێمدا تەقی و قاچی ڕاستمی بڕییەوە , ئەو کاتە من تەمەنم تازە

چووبوومە بیست ویەك ساڵییەوە ساڵی 1987 بوو.. جگە لەقاچم سەراپای لەشمی برینداركرد و بەهیلاكەت گەیاندمیانە نەخۆشخانە.. من لەهۆش خۆم چووبووم ئاگادارنیم چۆن وبەچی دەردەسەرییەك گەیاندبوومیانە لای پزیشك..! چونكە وەك ئەیانووت ئەوەندە پارچە بەلەشمدا چووبوو لە (ئازای بەدەنمەوە) خوێن دەچۆڕاو كەس بەتەمام نەمابوو.. وتبوویان ئەمرێت..!



بەڵام نەمردمو بۆنەگبەتیو بۆپەتپەتی ژیان مامەوە..!

كەس‌وكارەكەم مەسرەفێكی زۆریان كرد بۆ چاكبوونەوەمو بەپارەیەكی زۆر بۆ ئەوكاتە لەبەغدا قاچێكی دەستكردیان بۆم كرد.. دوای ئەوە گەڕامەوە ناو كەس‌وكارەكەم لەترسی قەسف ماڵەكەمان هاتبووە هەڵەبجە .. كاتێ شەڕ كەوتەوە ناوچەكەو ئەنجام واكەوتەوە كەهەڵەبجە كەوتە دەستی

پێشمەرگەو رزگارمان بوو ، ئێمەو
بەشێکی زۆری خەڵکی بیارە کەزووتر
هاتبووینە هەڵەبجە گەڕاینەوە بۆ بیارەو
چوینەوە سەر ماڵە ساردوسڕەکانمانو
هەر لەخانووە وێرانەکانی خۆماندا
ژیانمان دەست پێ کردەوە ..!
لەڕۆژی 3/16 کاتێ حکومەتی عێراق
بەچەکی کیمیایی دای لەهەڵەبجە
بەشێکی رایکردو ئەیانوویست لەمەرگ
رزگاریان بێت.. بەتەیارە کەوتە



کیمیاباران کردنی رێگاوبانە
سەرەکییەکانو دای لە (رێگای بیارە —
تەوێڵە — ئەحمەد ئاوا — هاوار- شێخان
— سازان) هەموو ئەو رێگایانەی
کەبەرەو ئێران ئەچوو هەمووی دایە
بەرکیمیایی..
من ماڵی خوشکێکم کەشویکردبوو
خاوەنی پێنج مناڵ بوو من لەماڵی
ئەوان بووم لەبیارە — بۆنی

کیمیاییەکەش گەیشتە ئەوێو برایەکم
کەناوی (بەختیار) بوو بریندار بوو..
ئیتر وەزعێك روویدا یاخوا گاوریش
نەیبینێ..! کەس بەکەس نەبوو ، ئەو
خەڵکە لەهەڵەبجەوە رایکردبوو بەسەر
ئێمەدا ئەهاتن ، مرۆڤ کەبەو شپرزەییە
ئەیانبینی ئیتر هێز لەئەژنۆی ناما..
بریندارو سوتاوی زۆریان پێ بوو بەرەو
سنورەکان رایان ئەکرد ، بەکەروبارو



بەسەیارەو هیچ شتێ فریای
گواستنەوەی ئەو خەڵکە ناکەوت..!
سەیارەی ئێرانی ئەهاتنو پەیتا پەیتا
خەڵکیان ئەگواستەوە ، خەڵکەکە
ئەوەندە زۆر بوو (عەردو بەرد)
نەیئەگرد..! ماڵی ئێمە هەر لەناو بیارە
لەیەکتری دابڕاین من کەوتمە تەك ماڵی
ئەو خوشکەمو ماڵی باوکم بەجیا
کەوتنە بەر وەجبەیەکی تر
لەوسەیارانەی دەهاتن خەڵکیان دەبرد..

وا ڕێککەوت ماڵی باوکم برابوونە
ئۆردووگای (بارام ئاوا)و من و
خوشکەکەم ومناڵەکانی کەوتینە
ئۆردوگای(پاوە)وەو بەهەموو شێوەیەك
ئاگامان لەیەکتری بڕا..!
ئێمە گەرچی لە(بیارە) لەهەڵەبجەوە
نزیك بووینو کیمیایی گەیشتە بیارەو
هەموو سەر ڕێگاکان بەبەرچاوی
خۆمانەوە بۆردوومان کراو چەندین
کەسمان بینی کەچۆن مردن..! بەڵام



لەئۆردوگای (پاوە) کاتێ تێکەڵ
بەهەڵەبجەییەکان بووینو ئەوان باسی
ئەو کارەساتەیان دەکرد ، موچوڕکە
بەلەشتدا دەهات کەچۆن بینیبویان
خەڵك چاوی تەقیەوەو هەبووە هەموو
لەشی پەنماوە تاتەقیوەو هەبووە
سوتاوەو هەبووە هیچ عەیبی نەبووەو
لەناکاو ڕشاوەتەوەو مردووە..
کارەساتێکیان ئەگێڕایەوە من بیستو
دووساڵ تەمەنم بوو لەژیانمدا شتی وام

نەبیستوەو لەتەلەفزیۆنیش‌و بەفلیمیش
کارەساتی لەو جۆرەم نەدیبوو.. ئەوان
باسیان دەکرد ژێرخانی واهەبووە
گەڕەکێك لەترسا چوونەتە ناوییەوە
کەپڕبووە لەژن‌ومناڵ کەچی کەسیان
دەرنەچوون‌و هەموویان بەبۆنی (عەتر)
مردوون..!
ئەیانووت جۆرەها (باڵندە)و ئاژەڵ لەو
ناوەدا کەوتبوون‌و ووشك بووبوونەوە
وەك ئەوەی لەکارەبا درابێتن..!



خەڵکێکی زۆری هەڵەبجە
لەئۆردووگاکەدا بوون‌و(وڕوگێژ) بوو
بوون.. دیاربوو یان جۆرێکی تری
کیمیاییان بەرکەوتبوو یاخود زۆر
بەکەمی بۆنیان کردبوو..! ئەشێ ئەوان
بووبێتن کەلەدەرەوەی شارەکەو
لەناوچەم‌و باخەکاندا بوون.. هەبوو
(سپ وساغ) بوو لەناکاو ئەبورایەوە..
ئەیانووت بیست‌وچوار سەعات سەرمان
ژان ئەکات‌و دونیا لەبەرچاومان

ئەسورِێتەوە.. هەبوو دوای چەند مانگێك ئەوسا گیانی بووە زام.. بەردەوامیش لێیان ئەمرد.. چونکە لەکەمپەکەدا چاودێرییەکی باشی پزیشکی نەدەکران .. وەك زیندانێکی گەورە وابوو چواردەورمان بە (پایەگای پاسدار) دەورە درابوو ، نابوو کەس لەکەمپەکە دەربچێتو هاتووچۆ کردن دەبوو بە(پسوولەو رەزامەندی) ئەوان بێت..!



ئێمە یەکەمجار هەموومان لەترسی کیمیاییەکەو لەترسی مەرگ‌وگرتن ئێرانمان هەڵبژارد .. بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە لەئۆردووگا پەشیمان بوون لەچوونە ئێرانداو خۆزگەمان بەوانە دەخواست لەنێو ماڵەکەی خۆیاندا مردن..

ژیانێکی زۆر بەئازارمان چەشت.. هەر خێزانێ بوو بووە چەند پارچەوە.. خێزانێك نەبوو کەبەهۆی کارەساتەکەو

شپرزەییەوە لەیەکتر دانەبڕابێتن‌و
ئازیزێکیان لیٚ جیانەبووبێتەوە..
هەمووی بەئومێدی ئەوە بووین کەدوای
ئەوەی چووینە ئێرانداو شێنەیی ببینەوە
هەرکەسەو بەدوای کەس‌وکاری خۆیدا
بگەڕێت ، لەویٚ هەمومان
یەکبگرینەوە.. کەچی ئەو زاڵمانە
نائومێدمانیان کردو ئەو خەونەمانیان
زڕاند..



ئۆردووگاکان زۆر بوون . چونکە
ڕێگاکانی چوونە ئێران زۆربوو لەهەر
سنورێکەوە ئۆردووگایەکیان کردبۆوەو
ئەو خەڵکە زۆرەش لەشوێن‌و دوان
جێگای نابووەوە ، چەند
ئۆردووگایەکیان بۆ کردبووینەوە.. بەڵام
خێزانی وابوو هەر ئەندامێکی
خێزانەکەی کەوتبووە ئۆردووگایەکەوە
.. ئەوان نەیانئەهێشت بەئازادی
هاتووچۆی ئۆردووگاکانی تر بکرێت‌و

هەرکەس بچێت لەگەڵ ئەندامەکانی
تری خێزانەکەیدا یەك بگرێتەوە ، ماڵی
ئێمە هەموومان لەناو (بیارە) بارکراین
کەچی منو ماڵی ئەوخوشکەم کەوتینە
ئۆردووگایەکی ترو ماڵی باوکم کەوتنە
ئۆردوگایەکی ترەوە
کاتێ یەکێ لەعیراقیشەوە ئەهاتو
بەدوای کەسو کاریدا ئەگەڕا ..
ڕێگایان نادا بێتە ناو ئۆردووگاکەوەو
گەر کەسوکارەکەشی لێ نەبێت



ناسیاوێ خزمێ ببینێو پرسیارێ
بکات..! ئەبوو لە (خێمەی
تەبلیغات)ەوە کەخێوەتێکی پاسداران
بوو بڵندگۆیان لەسەر بەستبوو.. ئەبوو
لەوێوە بانگەواز بکرایا.. (فلاّن کەس
لێرەیە لەخێمەی تەبلیغات گەر کەسو
کاری لێرەن بابێت بۆ دیدەنی)..
ئۆردووگاکەش ئەوەندە گەورەبوو جاری
وابوو کەسێك کەدەهاتو بانگەوازیان
بۆ کەسو کارەکەی دەکرد ڕەنگە کەسو

کاری لەوێ بووبێتن بەڵام گوێیان لێ
نەبووبێت..! تاکاتێك خەڵكو کەسو
کارەکەی ئاگادار دەکردەوە کەدەچوون
ئەگەڕانەوەو نائومێدانە ئەیانووت
نەیزانیوە ئێمە لێرەین رۆیشتووە..!
لەئۆردووگاکەدا چەند (تانکیەکی
ئاویان) دانابوو بەڵام دەبوو زۆر بڕۆیت
تادەگەیتە تانکییەکان.. دور بوون
لەخێوەتەکانمانەوە .. دەبوو چەندین
سەعات نۆرەبگریت تاسەتڵێ ئاوت



بەردەکەوت.. چونکە تانکیوئاوەکە
لەچاو زۆری خەڵکەکەوە کەم بوون..
منیش بەقاچێکەوە وەك ئەو خەڵکەی
تر دەبوو بچم بۆ ئاو.. یان گەر
خوشکەکەم بچوایا من دەبوو بەدیار
منالەکانەوەبم.. بەڵام زۆرجار بۆ
ئاوهێنان من دەچووم چونکە رۆژانە
دەبوو بچین داربهێنین بۆ چێشت لێنان..
هیچ کەرەسەیەکی ترمان پێ نەبوو
ئەوانیش بای ئەوە نەوتیان ئەداپێمان

کەبەشی چرا بکات.. بۆیە خوشکە
داماوەکەم بەردەوام وەك زۆربەی ئەو
خەڵکەی تر دەبوو لەقەد پاڵی ئەو
شاخەی ئۆردووگاکە پاڵی پێوەدابوو
بەرێی دار هێنانەوە بوون.. لەبەر ئەوەی
خەڵکەکە زۆربوو هەر زوو ئەو بەشەی
کەپاسدارەکان رێگایان ئەدا تائەوێ
بچن بۆدار ، روتایەوە.. نەیانئەهێشت
زیاتر بڕۆین چونکە ئەویش لەنزیکی
پایەگاکان (ئەلغام)ی لێ دانرابوو..



هەرچەندە من خۆیشم نەمئەتوانی
بەیەك قاچەوە بچم بۆدارهێنانو بەهەزار
هیلاکەت دەبە ئاوەکەشم ئەهێنا.. بەڵام
من ئەوەندە لە (ئەلغام) ترسابووم
بشمتوانیایا نەمئەوێرا بچمو
بەردەوامیش بەو خەڵکەم ئەوت توخوا
ئاگاتان لەبەرپێی خۆتان بێت.. زۆرجار
بەخوشکەکەمم ئەووت ئەوەتا ئەمان
(ئارد) مان ئەدەنێو ئارد ناخورێ چار
نییە هەر دەبێ بیکەین بەنان ئەگینا

ڕێگام نادا بچیت بۆ دارهێنانو هەر
نانو ئاومان ئەخوارد..! چێشتمان
ناکردو ئاگرمان ناکردەوە بەڵام چارنییە
بۆنان کردنەکە دەبێ هەر بچێت..!
تائەوکاتەی ئەڕۆیی‌و ئەهاتەوە بەردەوام
چاوم بەقەدپاڵەکەوەبوو ئەترسام ڕۆژێك
لەژێر پێیدا زرمەیەك بێت‌و ئەویش وەك
من کۆڵەواربێت..!
ڕۆژێك نۆرەم گرتبوو بۆ ئاو ، گوێم
لەبانگەوازێ بوو ووتی (زارا) کەس‌و



کاری لێرەن بابێت بۆ خێمەی تەبلیغات
، بەهەڵەداوان کەوتمە ڕێ .. خوا
ئاگادارە لەخۆشیدا واتەکانم ئەدا
دووجار کەوتم‌و ئازارم پێ گەیشت
چونکە من نابوو خێرا بڕۆم کاتی خۆی
پزیشکەکان پێمیان ووت نابێ ئازاری
قاچت بدەی‌و ماندوبیت.. بەڵام لەوێ
لەخۆشیدا گوێم پێ نەداو ئەمووت ئەبێ
دایکم یان باوکم یان کام لەبراکانم
بێت.. لەبەر خۆمەوە ئەمووت خوایە

بەختیاری بـرام بێـت بـەڵكو خوابكـات
چاك بووبێ.. دوای ئەوەی چەند جارێـك
كـەوتمو ئـازار گەیـشتە نـاو مـۆخمو
هەستامەوە.. كاتێ گەیشتمە (خێمـەی
تبلیغات) تەماشام كـرد كـەسو كـاری
من نینو ئەو زارایە (زارا) ناوێكی تربوو
خەڵكی هەڵەبجەبوو باوكی هاتبوو بۆلای
و یەكیانگرتـــــەوە .. بەنائومێــــدی
گەڕامەوە ، تـا هاتمـەوە نـۆرە ئاوەكـەم



فەوتابوو سەرلەنوێ چـەند سـەعاتێكی
تر مامەوە تا ئاوم بەركەوت..!
ئـــیتر وەك بڵێـــی ئـــەو بانگـــەوازو
داخورپانەی دڵم بۆ ماڵی باوكم ئـەوانی
بەبیرهێنابێتمـــــــــەوە ، بیــــــــستو
چوارســـەعاتەی خـــوا بـــاوكو دایـــكو
براكانمو خوشكەكەم لەخەیاڵمدا بـوون..
خوایە گیان چـۆن بگەمـەلایان .. چـۆن
بەقاچێكەوە بڕۆمو ڕێگەی (بـارام ئـاوا)
بدۆزمەوە..! ئەی كێ ئەڵێ ئەوان لەوێن

ئێمە تەنها ناسیاوێك هات ووتی ئەوان
کەوتوونەتە ئەو ئۆردووگایەوە ، کێ
ئەڵێ نەچوون بۆ ئۆردووگایەکی تر..!
سەرباری خەمو خەفەتەکانی ترمان
خەمی ماڵی باوکم ئۆقرەی لێ بڕیبووم
ئەویش بووە پاڵنەرێکی گەورەتر بۆ
بێزاریم لەو ئۆردووگایەدا.. هەربۆیە
کاتێ دیعایەیەك بڵاوئەبووەوە کەئەڵێن
ئەمانگەڕێننەوە بۆ عێراق ، من
لەهەموو کەس زیاتر بەپەرۆش بوومو



ئەکەوتمە سۆراغی ئەو قسەیە تابزانم
راستە .. زۆرجاریش لەخۆمەوە
ئەمووت ئەی کێ ئەڵێ ئەو
ئۆردووگایەی ماڵی باوکمی لێ بوو
نەگەڕاونەتەوە بۆ عێراق ، هەر
لەخۆمەوە قەناعەتم لای خۆم دروست
دەکرد کەئەوان ئێستا گەڕاونەتەوەو
لەهەڵەبجە ئەژین .. خوا کردی رۆژێك
بانگەواز کرا خەڵکەکە کۆببنۆ دێن
قسەمان بۆ ئەکەن.. ئەو خەڵکەی

ئۆردووگا هەمووی خوا خوای هەواڵێکی
خێری بوو..! گشتی بێزارو وەڕس بوون
لەئاوارەیی ، بۆیە هەر زوو لەوساحەیەی
بەردەم ئۆردووگاکە خڕبووینەوە .. گەلێ
زۆربووین بەودەشتەوە رەشی ئەکردەوە
هاتن کۆمەڵێ ئێرانی بوون، بەشێکیان
ئەوانە بوون کەڕۆژانە لەو خێوەتو
پایەگایانەی دەوری ئۆردووگاکە بوونو
ئێمە زۆرجار کە (رۆژنامەنوسو تیمی
تەلەفزیۆنی ئەهاتن بۆ ناومان)



ئەوانەمان ئەبینی لەگەڵیاندا بەناو
خێوەتەکانی ئێمەدا ئەگەڕان .. بەڵام
چەند کەسێکیان رەنگە بڵێم یەکەمجار
بووبێت هاتبێتە ئەو ئۆردووگایەی ئێمە
، کەوتنە قسەکردن .. نەئێمە زانیمان
ئەوەی قسەدەکات کێیەو نەئەوانیش
بەئێمەیان ووت کەئەم کابرایە (چ
کارەیە) وا قسەتان بۆ دەکات..! یەکەم
جار قسەی کرد باسی ئەوەی کرد
کەحکومەتی ئێران ئەوەندەی پێی

كرابێت بەتەنگ ئێوەی هەڵەبجەییەوە
هاتووەو هەر زوو كەوتۆتە تیماركردنی
بریندارەكانو گواستنەوەیان بۆ
بیمارستانەكانی ئێرانو زۆربەیانی
ناردۆتە وڵاتانی دەرەوەو دونیای
دەرەوەی لەكارەساتی هەڵەبجە ئاگادار
كردۆتەوە..! دوای ئەوە كەوتە باسی
ئۆردووگاكان كەچەند لەژێر چاودێری
پزیشكدا بوونو كەلوپەلی
خواردەمەنیو داوودەرمانیان پێداون..



لەقسەكانیدا ئەیوویست باسی هەموو
ئەو شتانە بكات كەكردویانە ، زۆر
درێژدادڕی كرد و زۆری ووتو زۆریانم
لەبیرنەماوە..! بەڵام ئەوەی كە
قەناعەتی تەواوی لای ئێمە دروستكرد
كەبگەڕێینەوە ئەوەبوو كە ووتی ئێمە
لەڕێگەی پەیوەندییەكانی خۆمانەوەو
بەتایبەت بەهیمەتی برایانی (هیلال
ئەحمەڕ) كە وای گووت دەستی خستە
سەرشانی كابرایەكی تەنیشتی خۆیەوە

دیاربوو ئەو کابرایە (هیلال ئەحمەر)
بوو.. توانیوومانە دوای ئەو ماوە
کەمەی کۆتایی شەڕ پەیوەندی لەگەڵ
عێراق ببەستین سەبارەت بەچارەنوسی
ئێوە کەناکرێ تاسەر لەئاوارەییدا بژینو
زەمانەتی ئەوەمان بۆ دابین کردوون
کەبگەڕێنەوە سەر ماڵو ژیانی خۆتانو
شارەکانتان ئاوەدان دەبێتەوەو
حکومەتی عێراق خەسارەتی
ماڵوسامانتان دەبژێرێتو لەژێر



چاودێری کۆمەڵەی نەتەوەکاندا ناتوانێ
جارێکی تر مامەڵەی خراپتان دەرحەق
ئەنجام بدات..
بەم قسانەی ئازارەکانمانی کەم
دەکردەوەو وەك ئەوەی گەورەترین
مژدەمان بداتێ ئاوا شاگەشە دەبووینو
هەریەکە لەڕاستی خۆیەوە خۆشحاڵی
دەرئەبڕیو لەخۆشیدا فرمێسك بەری
چاوەکانی دەگرتین..!

لەكۆتایی قسەكانیدا ووتی هەركەس
ئامادەیە بگەڕێتەوە باناوی خۆی تۆمار
بكات..! ئەو خەڵكەی كە گشتی
لەژیانی نێوو ئۆردووگا بێزار بوونو
بەقسەكانی ئەو كابرایەش دڵخۆش بوون
.. كەچی زۆربەیان دەیانگووت (جارێ)
نارۆینەوە با وەجبەیەك دوان بچنەوەو
هەواڵی ئەو دیوومان بۆ بێتەوە ئەوجا
خۆمان ناونوس دەكەین ، بەڵام من وەك
ئەوەی كەتەنها چەند سەعاتێك مۆڵەت



هەبێ بۆ خۆناونوسكردن بۆ گەڕانەوە
كێچ كەوتبووە كەوڵمو سەرم
لەخوشكەكەمو ئەوانەی دەوروبەریشمان
تێك دابوو.. كردبوومە (پەلە پروزێ)و
ئەمووت هەتا زووتر ناوی خۆمان
بنوسین باشترە .. بەزۆر قەناعەتم پێیان
كرد ئێمە هەقمان چییە لەسەر خەڵك
دێتەوە یان نایەتەوە ئێمە بۆخۆمان
دەچینەوەو ئەمووت بەخوا من دڵنیام
باوكم هەفتەیەك خۆی لێرە نەگرتووەو

ئێستا چووەتەوە (بیارە)و بەتەنهاش بووبێت ئاوەدانی کردۆتەوە..! چووین خۆمان ناونوسکردو هەندێ خەڵکی تریش وەك چاولێکەری ناوی خۆیان نووسی.. بەخوا وابزانم دوو بوو ئەگەر سێ رۆژی پێچوو هاتنەوە کۆمەڵێ سەیارەیان پێ بوو بەپێی لیستەی ئەو ناوانەی کەنووسیبوویان ناوەکانمانیان خوێندەوەو جگە لەخێوەتەکە هەرچی کەلو پەلی ناوماڵو قاپو ئازووقەی



خواردنو بەتانیو چیمان لابوو بارمان کردو خستمانیانە رێ بەرەو عێراق گەڕاینەوە..! لەکوێ ئەوخەڵکە زۆرەی ئاوارە بووبووینو لەئۆردووگا بێزار بووین شەش سەیارە بووین گەڕاینەوە .. رەنگە هەر سەیارەی بیستو پێنج بۆ سی کەسیان تێ کردبێ.. بەڵام دوایی زانیمان کەلەهەموو ئۆردووگاکاندا ئەم بەزمەیان کردبوو.. لەهەر ئۆردووگایەکیشدا کۆمەڵێك وەك ئێمە

خوا سەری لێ تێك دابوون کەوتبوونە
داوەکەوە .. هێنامانیان بۆ سەر
(سنوری نێوان عێراق‌و ئێران)
تەماشامان کرد کۆمەڵێ سەیارەو
کۆمەڵێ خەڵك راوەستابوون چاوەڕوانی
ئێمەیان دەکرد ، کەگەیشتین دوان لە
ئێرانییەکان ئەوانەی کەلەگەڵ ئێمەدا
بوون‌و دەفتەرو وەرەقە بەدەستیانەوەبوو
چوونە پێشەوە بۆلای عێراقییەکان‌و



هەندێ قسەیان کردو وەرەقەیان
گۆڕیەوە..!
ئێمەیان داگرت لەسەیارەکان‌و (پاسدارو
عەسکەری) کەوتنە بارکردنی کەل‌و
پەلەکانمان‌و خۆیشمانیان ریزکردو
بەژمارەو بەناو خوێندنەوە کردمانیانە
ناو سەیارە عێراقییەکانەوە.. ئەوانەی
ئێران دێوریان کردەوەو بەرەو ئێران‌و
سەیارەکانی عێراقیش کەئێمەی
تیابووین بەرەو عێراق گەڕانەوە ..!

گەرچی هەریەکەم جار چاوم بەسەربازە
بەرگ سەوزە عێراقییەکان کەوت
موچوڕکەیەك بەلەشمدا هات‌و ترسام ،
بەڵام لەڕێگە وردە وردە هێور بوومەوەو
بەدڵێکی خۆش‌و پڕ لەئومێدەوە
لەدیمەنی جوانی ناوچەکەی خۆمانم
ئەڕوانی کەشەش مانگ بوو مەگەر
بەخەون بینیبێتم..!
ئەمووت ئێستا دڵنیام ماڵی باوکم
گەڕاونەتەوەو گەر ئێمە ببینن دەبێ



لەخۆشیدا چی بکەن..!؟ کێ ئەڵێ
بەیەکگەیشتنەوەمان توشی چی
خۆشی‌و شادیەك دەبین..
لەناو سەیارەکە هەموومان بێدەنگ
بووین‌و کەس قسەی نەدەکرد ، من
دڵنیابووم هەر کەس لەدڵی خۆیدا
لەگەڵ کەس‌و کارەکەی‌و بەیەك
شادبوونەوەیان ئەژیا .. بۆیە کەس
نەدەپەرژایە سەرئەوەی لەگەڵ کەسی
تردا قسەبکات ، جارنەجارێ مناڵێك

ورتەیەکی لێ بەرز ئەبووەوە (ئەوە
پۆڕێك بوو)..!
جگەلەو ورتە لەناکاوەی منالّەکانو
دەنگی سەیارەکە دەنگی هیچی تر
نەدەهاتو بەهێمنی بەسەر لاشەی
شەکەتی هەوراماندا رێمان دەکرد..
تائەو دەمەی گەیشتینە (سەید سادق)و
سەیارەکان لایان نەداو بەرەو سلێمانی
لێخوڕینەکانیان خێراتر کرد.. تائەو
کاتە وامان ئەزانی ئەمانبەنە هەڵەبجەو



لەوێوە ئەوەی تەوێڵەیی بوو بۆ تەوێڵەو
ئێمەش بۆ (بیارە) ئەنێرنەوە .. بەڵام
کەبەرەو سلێمانی چوون گۆمی
بێدەنگییەکەی ناو سەیارەکەمان شڵەقاو
گشتی کەوتە پرسیارکردن بۆ کوێمان
ئەبەن..!؟ تۆ بڵێی درۆیان لەگەڵمان
کردبێ‌و نەمانبەنەوە بۆ هەڵەبجە..!؟
هەر خۆمان دڵی خۆمان بەوە ئەدایەوە
کە (ئەی کابرای ئێرانی لەقسەکانیدا
پێمانی نەووت خەسارەی ماڵەکانتان بۆ

دەبژێرن) دیارە ئەمانبەن بۆ سلێمانیو
لەوێ (تەعویز)ەکەمان ئەدەنێو دوای
ئەگەڕێینەوە.. کاتێ گەیشتینە
سلێمانی بردمانیانە شوێنێ زۆر
بەرقەوەو بەجنێودان پێشوازیان
کردین.. مۆڕەیان لێمان ئەکردو هەزار
قسەی ساردو سوکیان پێمان کرد..
ئەیانووت ( ئێران بەکیمیایی داوێتی
لەهەڵەبجەو ئێوە چوونەتە ئێرانداو لەوێ



مقابەلەتان کردووە وتووتانە عێراق
بەکیمیای لێمانی داوە)..
بزانن چۆن تۆڵەتان لێ دەکەینەوە..! ئەم
قسانەو قسەی زۆرتریان کرد.. ئێمەش
خەریك بوو لەترسا زراومان بچێت..
ئێمە لەتاوچیو بۆچی هاتینەوەو لێرە
چیمان پێ دەڵێن..! گشتمان سەیری
یەکتریمان دەکردو هەستم ئەکرد
لەتەماشای مناڵەکانی خوشکەکەمدا
کەلەمنیان ئەڕوانی وەك ئەوەی بەچاو

پێم بڵێن خەتای تۆبوو ئێمە گەڕاینەوە
بۆ عێراق..! زۆر نەهەقیان نەبوو ئەگەر
وابڵێن چونکە من زۆرم دەکرد کەدەبێ
بگەڕێیینەوەو پەلە پەلم بوو
لەناونوسینەکەدا..!
چەند رۆژێك لەوێ هێشتمانیانەوە جگە
لەقسەی ناشرین هیچی تریان پێمان
نەووتو هیچی تریان لێمان نەپرسیەوە
، بەیانییەك دوای بانگی بەیان هاتنو
پێمانیان ووت سواری ئەو سەیارانەبن..



ئیتر بێ ئەوەی پێمان بڵێن بۆ کوێ..!
ئێمە وەك دیل وابووین لەبەردەستیانو
چۆنیان ئەمر دەکرد ئاوا ریز بووینو
هەرچی (نێرینە) بوو بەجیا خستیانیانە
هەندێ سەیارەی بچوك بچوکەوەو
ئێمەشیان سواری (کۆستەر) کرد هێشتا
دونیا تەواو روناك نەبوو بووەوە
خستمانیانە رێ درەنگانێکی شەو
گەیاندمانیانە جێگایەك لەبیابانێکی
چۆڵ..

بەدرێژای ئەو رێگایەی نێوان (سلێمانی
— بیابان) چەندین شارو موجەمەعاتو
ئاوەدانیمان بینی بەلاّم هیچ شوێنێك
لەوانە لای نەداو دیاربوو خوا ئەو
چۆڵەوانییەی کردبوو بەنسیبی ئێمە ..
کە گەیاندمانیانە کۆمەڵێ رووناکی
دڵمان خۆش بوو وتمان ئاوەدانییەو
بەڵکو خوا بکات هەرچیەکمان لێ
دەکەن گەر ئەمانکوژنو گەر ئەمانخەنە
ناو ئاوەوە هەر لەئاوەدانیدابێت تا



رۆژێك هەر دێت هەواڵ بگاتەوە کەسو
کارمان..! تەماشامانکرد ئەو چراخانە
هەمووی یەك بینایەکەو بەچوار دەوریدا
گڵۆپی زۆر گەورە گەورە رووەو
تەختاییەکانی دەورو بەری بەسترابوو..
لایتی سەیارەکانی ئێمە هیچ
روناکیەکیان ناما لەبەردەم ئەواندا..
بینایەکی بەرزبوو دەرگای حەوشەکەی
ئەوەندە گەورەبوو سەیارەکانمان ئەچووە
ناو بیناکەوە.. ئێمە لەو رووەوە

کەبینیمان یەك لایەکی بیناکەمان لێوە
دیاربوو ، بەلاّم کاتێ چووینە ژوورەوە
تەماشات دەکرد گەورەیەکەی بێ
ئەندازەیەو ئەمسەرو ئەوسەری باش
دیار نین ئەوەندە گەورەبوو..!
لەوێ لەگەڵ (نێرینە)کانی لای خۆماندا
کەلە سلێمانی لەیەکتری جیامانیان
کردبۆوە لەحەوشەی ئەو قەلاّ گەورەیە
تێکەڵمانیان کردەوە..!



شەو لەحەوشەکەدا هێشتمانیانەوە..
جێگایەکی گەرمو ناخۆش بوو بۆنی
بۆگەنیەکی زۆر سەیر دەهات.. جگە
لەدیواری غورفە لەسەریەك دروست
کراوەکانو لەئاسمان زیاتر هیچ دیار
نەبوو.. گەرچی مانگە شەوبوو بەلاّم
ئاسمانەکەی لەئاسمانی ولاّتی خۆمان
ناچوو لێڵو تۆزاوی دیاربوو چەند
ئەستێرەیەکی کەم کزکز دەسوتان وەك

ولاَتی خۆمان نەبوو ئەستێرەکان گەش‌و
جوان بدرەوشێنەوە..!
ئەو شەوە تابەیانی‌و لەو حەوشەیەدا
هەر هەناسەی ساردم بۆبەدبەختی
خۆمان هەڵدەکێشاو خەفەتم لەوە
دەخوارد کەمن بووم بەمایەی ئەم
نەگبەتییەی خوشکەکەم‌و
منالەکانیشی.. تابەیانی سەدان جار
وێنەی دایك‌و براو خوشك‌و باوکم
دەهاتنەوە بەرچاوم‌و وەك ئەوەی کەئیتر



ئەمە شوێنی مردنی من بێت‌و بۆ
دواجار بەخەیاڵ ماڵ ئاوایم لێ بکەن..!
ئەو خەڵکەی تریش کەپێکەوە بووین
دڵنیابووم ئەوانیش وەك من ئەو
شەوەیان رۆژ کردەوە..!
بەیانی کەدونیا روناك بووەوە
تەماشامانکرد پڕی خەڵك بوو
لەپەنجەرەکانەوە تەماشای ئێمەیان
دەکرد.. تائەو کاتەی ئێمەشیان بردە
چەند غورفەیەکەوە دامانیان نا ،

سەرمان سوڕمابوو وائێمە بەم شێوەیەمان لێ بەسەرهاتو لەئێران هەڵخەڵەتاینو کەوتینەوە ژێر دەستی زاڵم.. ئەی ئەبێ ئەم خەڵکەی تر چی بن والێرەن.. یەکەم جار ئەمووت رەنگە گشت خەڵك هەڵەبجە ئەوەی نەهاتبێتە ئێرانداو ئەوانەیش وا لەئێران گەڕاونەتەوە هەمووی هاوردبێ بۆ ئێرە..! دڵم کەوتبووە تەپەتەپو واهەستم ئەکرد ماڵی باوکم لێرەبن..



وەك ئەوەی لەغورفەکانی نزیکم دابن ئاوا دڵم دائەخورپا بۆیان.. تاچێشتەنگاوێکی درەنگ لەو غورفەیەدا هەر بیرم لەوانە دەکردەوەو خەمم بوو چۆن بتوانم غورفە غورفە بەدوایاندا بگەڕێم ئەی چۆن بەتەنها قاچێکەوە بچمە قاتی سەرەوە.. ئەبێ ئەوان نەیەنە خوارەوە..!

خوا کردی لەگەرماکەی نیوەڕۆدا بووە غەڵبەغەڵب.. هەرچی خەڵك هەبوو

هێنایانە ناو (حەوشەکە) ئێمەشیان
دەرکردە دەرەوەو تێکەڵ بەوانمانیان
کرد.. ئەوان رەنگو رویان زۆر گۆڕابوو
زۆر لاوازبوو بوونو هەموویان رەنگی
دەمو چاویان چوو بووە سەریەکتری..
گەر کەسی نزیکی خۆشت بونایا نەیانت
دەناسیەوە.. ئێمە زۆر لەوان ورد
بووینەوەو ئەوانیش زۆر لەئێمەیان
دەڕوانی.. هەموویان کورد بوون زۆریان
گەلاڵی بوونو خەڵکی قەراخو



گەرمیانیشیان تیا بوو.. سەرمان
سوڕما بۆچی تەنها پیرەژنو
پیرەمێردن.. ئەی مناڵو
گەنجەکانیان..!؟ یەکەمجار ئەمووت
رەنگە مناڵو گەنجەکان لەقاتی
سەرەوەبنو نەیەڵن بێنە خوارەوە.. بەڵام
دوای ئەوەی کەیەکتریمان دووانو
بەسەرهاتی خۆمانمان بۆ یەکتری
گێڕایەوە ئەوکات زانیم کەئەوان هەرزوو
لەگەڵ گرتنەکەیاندا مناڵو گەنجیان

لێیان سەندووە .. ئێمە زووتر
نەمانئەزانی دوای ئەوەی کەئێمە
لەهەڵەبجەو تەوێڵەو بیارە کیمیاباران
کراین خەڵکی تریش وای بەسەر
هاتووە.. چونکە لەئێران گەرچی زۆرجار
قسەئەهات.. بەڵام ئێرانییەکان
ئەیانووت ئێمە مەسەلەی کیمیابارانی
هەڵەبجەمان ئەوەندە گەورە کردۆتەوە
هەموو دونیاپێی زانیووەو دژی عێراق
هەڵوێستیان وەرگرتووەو چاودێری



عێراق دەکەن تاچیتر دەرهەق کورد
خراپ نەبێت..!
کەچی ئەم خەڵکەی لەوێ بوونو
هەرکەس لەدێ یەکەی خۆیدا گیرابوو
ئەیانووت ئێمە لەدوای هەڵەبجە وامان
بەسەر هاتووە..!
ئەوان باسی ئەوەیان بۆمان کرد کەچی
بەسەر کوردستاندا هاتووەو هەرچی
دێهات هەیە هەمووی سوتاندووەو
خەڵکەکەی گرتووەو هێناویانێتی لە

(تۆپزاوا) لەیەكتری جیایانی كردۆتەوەو
بەبەرچاوی خۆیانەوە دەستو چاوی
كوڕەكانیان بەستووەو لەسەیارەی بچوك
بچوك باریانیان كردووەو خۆیشیانیان بۆ
ئەو چۆڵەوانییە (نەفی) كردووە ..
باسوبەسەرهاتی ئەو پێنج شەش
مانگەی خۆیانیان دەگێڕایەوە كەچیان
بەسەر هاتووە.. گاور پێیان موسوڵمان
ئەبوو..! ئەوان بەئێمەیان ئەوت (ئەگەر
نەگبەتیو سەرلێشوان نەبێ بۆچی



لەئێرانەوە گەڕانەوە) هیچ وەڵامێكمان
پێ نەبوو.. راستە ئێمە لەئۆردووگاو
ئاوارەیی بێزار بوو بووین بەڵام ژیانی
ئۆردووگا لەچاو ئەم قەڵایەیی بیابانەوە
وەك بەهەشت وابوو..

ئەوەی كەئەوان ئەیانگێڕایەوە زۆر لەوە
خراپتریش خۆم بینیمو خۆیشم زۆر لەوان
خراپترم بەسەر هات.. من لەبەر ئەوەی
(قاچە دەستكردەكەم) دكتۆر پێمی
گوتبوو زۆر ئازاری نەدەم تاتەواو

شوێنی خۆی دەکاتەوە.. بەڵام ئەوەندە
لەڕووڵاواز بووم قاچەکەم بەکەڵك
نەماوو لەڕانم دەرئەچوو..! بەو حاڵەوە
زۆر رەزیل کەوتم.. زۆر بێزار بوومو
خۆزگەم بەمەرگ دەخواست.. حەزم
ئەکرد زوو بمرمو رەزیل تر نەبم..
خۆزگەم بەو خەڵکە دەخواست
کەدەمرنو پاش چەند ساتێکی کەم
ئێسکەکەشیان بەدەمی سەگەوە توڕ
دەدرا..



دوو مانگ لەوێ ماینەوە ، بەڵام
بەقەدەر ئازارو مەینەتی هەموو ژیانمان
رەزالەتمان چەشت.. دوای ئەو دوومانگە
هەندێ لەپیرو پەککەوتەو نەخۆشو کەم
ئەندامەکانیان جیاکردەوە.. منیشیان
خستە تەك ئەو خەڵکە .. جوندیەك
وتی ئێوە ئەبەنەوە بەرەڵاتان ئەکەن..
گەرچی جێی بڕوا نەبوو کەلەو شوێنەوە
ئێمە بەربدەنو بەو وەزعە خراپەوە
بمانگەڕێننەوە ناو کەسو کارمان چونکە

هیچمان ڕەنگو ڕووی ئەوەمان نەمابوو
کەتێکەڵ بەخەڵکمان بکەنەوە.. بەڵام
هەردڵم بەقسەکەی خۆش بوو بەڵکو خوا
بکات ئەمجارە ڕاستمان لەگەڵ بکەن..
ئاخر خۆئەگەر بەدرۆیان بێتو ئێمەیان
جیاکردۆتەوە ، ئەی بۆ کوێمان دەبەن
ئەبێ شوێنی خراپتر هەبێ تائێمەی بۆ
بەرن..!؟ لەبەر ئەوە ئەمووت ڕەنگە
ڕاست بکەنو بەرمان بدەن..



کابرایەك لەناو حەوشەی قەڵاکە بۆ ئەو
خەڵکە کەمەی جیاکرابوویینەوە قسەی
کردو وتی ئەوە لەسەر بڕیاری (سەیدل
ڕەیس) ئێوە ئەگەڕێنینەوە بۆ ناو
کەسو کارتانو ئەبێ دووعای خێر بۆ
(سەرۆك سەدام حوسێن بکەن) ئێمەش
کەوتینە پاڕانەوە کەخوا دەست بەباڵی
سەدام حوسێنەوە بگرێت.. گەرچی
زووتر خۆزگەم بەمەرگ دەخواست
کەچی بەم قسانە هێز کەوتەوە گیانمو

حەزم لەژیان کردەوە..! چەندین خەون‌و
ئومێدم بوو کەزووتر بەخەیاڵ ئەوانیشم
بەدەم سەگەکانەوە ئەبینی ، ئومێدەکانم
سەریان هەڵدایەوە.. چووم بەزابتەکەم
ووت کەمن ئەوە وەزعەکەم وایە ناتوانم
تەنها بژیم‌و کەس‌و کارم نەماوە تەنها
ئەو خوشکەم‌و ئەو منالآنەی نەبێ..
گەر بەزەیتان بەمندا دێتەوە خێرتان
ئەگات لەگەڵ خوشکەکەمدا باپێکەوە
بین‌و ئەویش ناونوس بکەن.. ئەتووت



دنیا گۆڕاوە ئەو زابتەی کەزووتر رەحمی
خوا لەدڵی نەبوو بەزەی پێمدا هاتەوەو
خوشکەکەمیان ناونوس کردو ئەویشیان
هێنایە ناومانەوە.. پاش زیاتر
لەسەعاتێ هەندێ کۆستەر هاتنە ناو
حەوشەی قەلآکەوەو راوەستان..
لەخۆشیدا ئۆقرەم لێ بڕابوو.. بەڵام
ئەشترسام ئەمووت ئەم سەگبابە مادام
رازی بوو ناوی خوشکەکەم بنوسێ دیارە
بۆ بەردان نییەو بەخوا بۆ شوێنی

خراپترمان ئەبەن.. زۆر خەمم بوو کەئەوان لەئێران من هەڵیانم پێچاو گەڕانەوەو توشی ئەم دەردە بووین.. ئەترسم لێرەیش ببمە هۆی ژیانێکی دژوارتر بۆیان.. ئەم قسانەم لەگەڵ خوشکەکەمدا کرد.. بەڵام ئەو وەك من بیری نەدەکردەوەو ئەیووت ئەوە قسمەتو نسیب بووە.. جالێرە خراپتر بۆ کوێمان ئەبەن.. گەرنەشمان بەن بۆشوێنی خۆمانو بەریشمان نەدەنو



بشمان کوژن هەر باشترە لەوەی کەلێرە لەم قەڵایە بمێنینەوە ، من وامناڵەکانم تەواو وشك بوونەتەوەو بڕواناکەم هیچیان دە ڕۆژی تر بژین جاخۆم بۆ بمێنم.. توخوا دەبا بمانخەنە ناو بەحرەوە..!

بەم قسانەی دڵم خۆش بوو پێی ئارام ئەبوومەوە کەزووتر خەتای منی تیانەبووەو گەر ئێستاش بۆ جێگای خراپترمان بەرن گوناهی من نییە..!

سوارى سەيارەكان بووينو بەدواى
يەكتريدا كەوتنە ريَو لەدەرگاى
قەلاَكەوە كەوەك دۆزەخ وابوو چووينە
دەرەوە..! ئێمە يەكەم جار كەهاتين شەو
بوو بەلاَم ئيَستا دەمەو ئيَوارەيەو
هيَشتا خۆر دووسێ بالَى بەئاسمانەوە
بوو ئەمانتوانى تەواو لەدەوروبەرى
قەلاَكە بڕوانين..
كەتەماشاى دەوروبەرى قەلاَكەت
دەكردو تاچاو بڕى دەكرد هەر بيابان



بوو ئەوكات سام ئەتيگرد.. باشە ئەم
حكومەتە زالَمە ئەم قەلاَيەى لەم
چۆلَەوانييە بۆچى بووە.. ئەى وا ئەو
خەلَكەى تيا گرتووە چ پيَويستيان بەو
پاسەوانانە هەيە.. خۆ ئەو خەلَكە
كەسى هيَزى ئەوەى تيانەمابوو ريَگا
بكات چ جاى ئەو بيابانە دورودريَژە..
چەند ريَگامان كرد هەر بيابان بوو
تاشەو داهاتو گەياندمانيانە ئاوەدانى
لەدورەوە چراخانى شارەكە دياربوو

بردمانیان بەرەو روناکی‌و لەناو
شارەکەدا بردمانیانە ناو
(سەربازگەیەك) کۆمەڵێ غورفەی
بەتەنیشت یەکتری یەوە لێ بوو لەوێ
دامانیان گرد.. خەمان لێ نیشتەوە
باشە ئەگەر ئەیانەوێ بمانبەوەو
بەرەڵامان بکەن بۆچی بۆناو
(مەعەسکەر)مان دەهێنن.. بەڵام هەر
کە گەیشتینە ئەوێ ئەو ئومێدەمان
زیاتر بوو کەبەر ئەدرێین ، چونکە ئاوی



زۆرو خواردنی باشیان بۆ هێناین..
ئێمە باشتر بووین چونکە تا
لەئۆردووگای ئێران بووین ئازوقەمان
بوو ، خۆمان چێشتمان ئەکرد.. بەڵام
ئەوانەی کەپێش ئێمە لەو قەڵایە بوون
سوێندیان ئەخوارد ئەیانووت تام‌و بۆنی
چێشتمان بیرچۆتەوە..! ئەو شەوەمان
بەخۆشحاڵی‌و ئومێدەوە رۆژکردەوە..
چەند رۆژێك لەوێ هێشتمانیانەوەو
خزمەتی زۆر باشیان کردین.. هەرچی

جلو بـەرگمان بـوو پێمانیـان شـۆریو
كولێـان پێمـان كـردو سـەرو ریـشی
پیاوەكانیان تاشـی.. ئـەو چـەند رۆژەی
لـەوێ بـووین هـەموو رۆژ ئـەیانووت
خۆتان بشۆن باپاك ببنەوە.. ئێمە زووتر
(سپیێو رشك) خواردبوومانی بەو چـەند
رۆژە خۆشـۆردنە ئەوسـا نـەجاتمان بـوو
لەدەستی..
نزیكـــەی پـــانزە رۆژ لـــەوێ
هێشتمانیانەوەو كەمێك رەنگو رومان



پەیــدا كــردەوەو ســەیارەیان بۆمــان
هێنایـــەوە.. ســـوارمانیان كـــردو
تاسلێمانی لەهیچ شیوێنێ لایان نەدا..
لەسلێمانی بـەرەڵامانیان كـرد.. ئێمـە
مـاڵی خـزمێكم لـەوێ بـوو ئەوكاتـەی
ئەلغامەكەم پێدا تـەقی بـوو ماوەیـەك
لەماڵی ئـەوان مابوومـەوە شـارەزابووم
چووینە مـاڵی ئـەوان.. زۆر بەلایانـەوە
سەیر بوو ئاوا لەناخافڵدا خۆمـان كـردە
ماڵیانـدا.. ئـەوان هـیچ هـەواڵێكی

ئێمەیان نەدەزانیو تەنها بیستبوویان
کەچووینەتە ئێراندا.. ئێمەش باسو
بەسەرهاتی خۆمانمان بۆیان گێڕایەوە
بڕوایان پێمان ناکردو ئەیانووت
لەئێرانەوە گەڕاونەتەوە..
ئەو پانزە رۆژەی کەهێشتمانیانەوەو
خزمەتمانیان کرد زۆر قسەیان بۆمان
کرد کەنابێ بڵێین لەکوێ سجن بووینەو
یەك قسە بکەن حکومەت
ئەیبیستێتەوەو دوای خراپترتان بەسەر



دێنێت.. لەبەر ئەوەی زۆر نەمان ئەوێرا
هەمووشتەکان بۆ ماڵی خزمەکەمان
بگێڕینەوە.. نەئەوان بڕوایان کردو
نەئێمەش زیاترمان لەسەر ووت..!
من زۆر پەرۆشی ماڵی باوکم بوومو
تابزانم هەواڵیان هەیە یان نا..؟ کەچی
وتیان ئەوان ماوەیەکە لەئێران
گەڕاونەتەوەو نێردراون بۆ ئۆردووگای
(گردەچاڵ) لای هەولێر..

خۆم پێ ڕانەگیراو خۆم گەیاندە
(گردەچاڵ) هەرچەندە ئەو خزمەی
سلێمانی وتی ئەوان لەوێ دەست
بەسەرن مەڕۆ.. بەڵام من ئەو ئازاری
لەیەك دابڕانو دوورییە هەناومی
سوتاندبوو.. کەچووم لەوێ بەکەسو
کارەکەم گەیشتمەوە..

ئەویش وەك ئۆردووگاکانی ئێران
چواردەوری ڕەبایەو سەیتەرەی لەبەردەم
بوو دەبوو بەرەزامەندیو وەرەقەی



مۆڵەت بچیتە دەرەوە.. ئەویش زۆر
ڕەزالەت بوو.. بەڵام هەرچۆنێك بوو
گرنگ ئەوەبوو کەگەیشتمەوە لای
کەسوکارەکەم..

تاراپەڕین لەوێ بووینو دوای گەڕاینەوە
شوێنی خۆمان لە (بیارە) کاتێ
کۆڕەوەکەیش بوو ئەوعالەمە بەسەر
ئێمەدا رای ئەکردو ئەچوونە ئێراندا
ئێمە لەشوێنی خۆمان نەجولاین ووتمان
ئەمجارە با لەماڵەکەی خۆماندا بمانکوژن

راناکـەین‌و مـردن لـەژیانی ئـاوارەیی‌و ئۆردووگا خۆشـتربوو.. لـەو کاتەشـەوە تائێستا واهـەر لێـرە ئـەژین.. منـیش شوم کردووە بە (مـودرك حمـە سـاڵح)و کچێکم هەیە بەناوی (گۆڤار) .

بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر



1- تەم و دوکەڵ
1991

2- کەڕنەڤاڵی مەرگ
1992

3- مارشی نەبەزین 1993
چاپی یەکەم 1997 چاپی دووەم

4- سـەیدجەوهەر جەوهـەربو بۆکوردستان 1999

5- کۆچ وکۆچپێکردن

هۆکاروبنەماکانی 2000

چاپی‌یەکەم

2001 چاپی دووەم

6- شایەتحاڵەکانی ئەنفال/بەرگی یەکەم

18/شوباتی2002

7- شایەتحاڵەکانی ئەنفال/بەرگی دووەم

6/ئەیلولی 2002

8- شایەتحاڵەکانی ئەنفال/ بەرگی سێیەم

18/شوباتی2003



9- گەڕانەوە بۆ کەرکوك

ئازاری 2004

10- لەتۆپخانەوە بۆ عەرعەر

ئازاری 2004

11- لەئوم ڕێعانەوە بۆ تۆبزاوە

ئازاری 2004

12- کەرکوك وپاکتاوی رەگەزی

بەرگی یەکەم ئازاری2004

13- لەبارەی کەرکوکەوە

ئازاری 2005

14- کەرکوك و پاکتاوی رەگەزی-

بەرگی دووەم 2005

15- کرکوك و التگهیر العرقی

(جزوالاول) 2005

16- من گوبخانه الی عرعر

2005

17- کرکوك والگتهیر العرقی

(جزوالپانی) 2006



18- دەربارەی کەرکوك

2006

19- شەمیله

2006

20- ئەنفالی هەڵەبجە (گەلاوێژ)

2006

21- ئەنفالی هەڵەبجە (زارا)

2006

22- ئەنفالی هەڵەبجە (حەپسە)

2006